# خەڵاتی نەجیب مەحفووز درایە ڕۆماننووسێکی سعودی

## لیژنەی خەڵات: ڕۆمانەکە ئاستێکی بەرزی تەکنیکی گێڕانەوەی هەیە



■ ئا: بژار حەکیم

خەڵاتی ساڵی 2018ی نەجیب مەحفووز بۆ ئەدەب بەخشرایە خانمە نووسەری سعودی "ئومەیمە ئەلخەمیس" بۆ ڕۆمانی (مسری الغرانیق فی مدن العقیق- ڕێڕەوی قوڵینگەکان لە شارەکانی عەقیق).

ڕۆمانەکە باس لە بازرگانێکی کتێب دەکات بەناوی موزەیەد ئەلحەنەفی کە لە دوورگەی عەرەبییەوە گەشت بۆ بەغدا دەکات، پاشان بۆ ڕزگارکردنی کتێبە فەلسەفی و فیکرییەکانی ئەو سەردەمە کە لەبەردەم مەترسیی سووتاندندا بوون، سەفەری قودس و قاهیرە و قەیرەوان و ئەندەلووس دەکات. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ڕوودەدەن.

لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی نەجیب مەحفووز دەڵێ ڕۆمانەکە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە و بووەتە جێی سەرنجی خوێنەران بەهۆی بەرزیی ئاستی زمان و تەکنیکی گێڕانەوەی.


خەڵاتی نەجیب مەحفووز لەساڵی 1996ـەوە دامەزراوە و ساڵانە دەبەخشرێتە باشترین بەرهەمی عەرەبی لە بواری ئەدەب. (ڕێڕەوی قوڵینگەکان لە شارەکانی عەقیق) کە خەڵاتی ئەمساڵی وەرگرت، چوارەم ڕۆمانی ئومەیمە ئەلخەمیسە.

ئومەیمە ڕۆماننووس و شاعیر و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەڤانێکی سعوودیە و کچی مێژوونووسی سعوودی عەبدوڵڵا بن خەمیسە. دایکیشی نووسەری بەناوبانگ سوهام سەرحییە کە یەکەم نووسەری ژن بووە لە ڕۆژنامەی ئەلجەزیرە بنووسێت. هەمان ڕۆژنامەی کە نووسەر عەبدوڵڵا بن خەمیس دایمەزراندووە.

ساڵی ڕابردوو لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی نەجیب مەحفووز خەڵاتی 2017ی بەخشییە خانمە ڕۆماننووسی فەلەستینی "حوزامە حەبایب" بۆ ڕۆمانی "مەخمەل".

## "پیاوێک لە حەمامی جووەکان" بڵاوبووەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور




(پیاوێک لە حەمامی جووەکان) یەکەم ڕۆمانی "ئاڵا هۆشیار" و یەکەم کتێبی پرۆژەی کتێبی کوردیی "ناوەندی هەرمان بۆ وەرگێڕان"ـە.


ئاڵا هۆشیار نووسەری ڕۆمانەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: " لە ڕۆمانەکەدا دوو ڕووداوی سەرەکی هەن کە لە حەمامێکدا ڕوودەدەن و خەڵک لە حەمامەکەدا دووچاری حاڵەتی نەخوازراو دەبن، دواتر ڕووداوی دیکەش لە ڕۆمانەکەدا دێنە پێشەوە".

ناوەندی هەرمان لەبارەی ڕۆمانەکەوە دەڵێ: "پیاوێک لە حەمامی جووەکاندا ڕۆمانێکی (دەروونی)ـی پێچەڵپێچە و تێکەڵەیەکە لە ئەدەبی پیس و ئەدەبی زیندان و ئەدەبی ژیاننامەیی کە بە زمانێکی سادە و بە تەکنیکی (کۆتایی جەڕدراو و چاوەڕواننەکراو) و پلۆتی ناخەتی نووسراوە".

ئەم کتێبە لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکە لەلایەن ناوەندی هەرمان لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە. هەرمان ناوەندێکی وەرگێڕانە و یەکێک لە پڕۆژەکانی وەرگێڕانی کتێبە. لە وەرگێڕانی کتێبیشدا گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە و ئەدەبیات بۆ منداڵان دەدات.

## کوردۆ شابان کتێبی "ئیمان و گومان" بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور




هەفتەی ڕابردوو، لە ماڵی وەفایی لە هەولێر ڕێوڕەسمی واژۆکردنی کتێبی (ئیمان و گومان) بەڕێوەچوو کە بەرهەمێکی نوێی نووسەری لاو کوردۆ شابانە.

نووسەری کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ئەم کتێبە جەخت دەکاتە سەر بایەخدان بە گومان لە هەموو بەهایەکی دەرەوەی زانست، بڕوا و ئایینیش بە لۆژیک و غەریزەیەکی ناخ و گەڵاڵەی فەلسەفی دەپێورێ، هەر شتێکیش لە دەرەوەی هاوکێشە زانستییەکان بێت، جێی گومانە".

گوتیشی: "گومانکردن لە هەر چەمکێک، ئایین بێت یان هەر شتێکی تر، بڕیاردان لە نەبوون یان بوونی نییە، بەڵکوو خۆیەکلانەکردنەوەیە. لە کتێبەکەدا، جیاوازی لە نێوان بڕوادار، ئاییندار و بێبڕوا کراوە. مەرج نییە هەموو بڕوادارێک ئاییندار بێت. زۆربەی هەڵگرانی هەموو ئایینەکان، بۆ ئەوەی خەڵک دووربخەنەوە لەوەی تەنیا بڕوایان بە خوا هەبێ و بڕوایان بە مەراسیمەکانی خۆیان نەبێ، وا بانگەشە دەکەن کە ئەوەی بڕوای بە ئایین نەبێ، بێ بڕوایە".

ئەم کتێبە 210 لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە و ماڵی وەفایی چاپی کردووە.

## یەکەمین فێستیڤاڵی شێوەکاریی خانمان لە کفری




■ ئا: بژار حەکیم

یەکەمین فێستیڤاڵی شێوەکاریی خانمانی کوردستان لە ڕۆژانی 20-21 ی ئەم مانگە لە شارۆچکەی کفری بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەڕێوەدەچێت کە تێیدا کارە هونەرییەکانی خانمان نمایش دەکرێن.

دەرباز ڕەباتی، سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو) ی گوت: " فێستیڤاڵەکە بۆ یەکەمجارە لەسەر ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕێوەدەچێت کە 73 خانمە شێوەکار تێیدا بەشدارن و لەلایەن گرووپی کچانی شێوەکاری کفری بەڕێوەدەبرێت".

سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵ گوتیشی کە لە ساڵی داهاتوودا بەشی میوزیک و شانۆ بۆ فێستیڤاڵەکە زیاد دەکرێن و هەروەها پێشبڕکێی خەلات لە فێستیڤاڵەکەدا هەیە بۆ بوارەکانی سیرامیک، پەیکەرسازی، هەڵکۆڵین و گرافیک.

هەر لە فێستیڤاڵەکەدا دانیشتنێکی ڕەخنەیی بۆ سەرجەم تابلۆ بەشداربووەکان دەکرێت بۆ ئەوەی تابلۆ یەکەمەکان هەڵبژێردرێن.

**سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە:**
**ساڵی داهاتوو بەشی میوزیک و شانۆ بۆ فێستیڤاڵەکە زیاد دەکرێن**



## ڕۆمانێک لەنێوان عەشق و جەنگدا

# (کاتژمێری بەغدا) لە ئاڵۆزیی ڕووداوەکانەوە بۆ سادەیی زمان

بژار حەکیم



ڕۆمانی (کاتژمێری بەغدا) ی خانمە ڕۆماننووسی عێراقی (شەهد ئەلڕاوی) دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بووە جێی باسوخواسێکی زۆر لە نێوەندی ئەدەبیی عێراقی و عەرەبیدا بەگشتی، بەڕادەیەک کە پێشتر لە نێوەندی ڕۆشنبیریی عێراقیدا هیچ ڕۆمانێک بەمشێوەیە دەنگدانەوەی نەبووە. ئەمەش لەخۆڕا نەبوو.. نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە لە هەڵبژاردنی بابەت و دروستکردنی ڕووداوەکاندا بە تەکنیکێکی نوێی گێڕانەوە سەرنجی ئەدیبان و خوێنەرانی ڕاکێشا. بۆیەش دواتر بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا و خرایە نێو لیستی بەربژێران بۆ وەرگرتنی خەڵاتی بووکەری عەرەبی بۆ ساڵی 2018.

ڕۆمانی کاتژمێری بەغدا خوێنەرانی بۆ سەر دوو بۆچوون دابەشکرد، بەشێکیان زۆر دڵخۆش بوون و سەرنجی ڕاکێشان، بەشی دووەمیش ڕەخنەیان لە فۆرم و ناوەڕۆکەکەی گرت. بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی بە ویژدان و بێلایەن بکرێت، دەبێ خوێنەرانی ئەم ڕۆمانە، بابەتیانە خوێندنەوە بۆ شێوازی گێڕانەوە و ستایلی نووسینی بکەن، زۆرن ئەو ڕۆماننووسانەی کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی وا جیاواز دەگێڕنەوە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خوێنەرانیانە، بۆیە سەیر نییە لەگەڵ ئەو فۆرمە نوێیە ناکۆک بن.

ئەڵبەت هەموو فۆرم و تەکنیکێکی نوێی گێڕانەوە لە ڕۆماندا و لادان لە شێوازە تەقلیدی و کلاسیکییەکان سەرەتا بەدڵی هەموو خوێنەران نابێت. لەم نووسینەدا دەمەوێ تیشک بخەمە سەر ئەوەی کە ڕۆمانی "کاتژمێری بەغدا" لەسەر چی کاری کردووە و ڕووداو و کارەکتەرەکان چۆن دابەشکراون، بۆچی نووسەرەکەی خۆی لە نووسینی شێوازی تەقلیدیی ڕۆمان پاراست، هێڵە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە چین و شێوازی گێڕانەوە چۆنە.

شەهد ئەلڕاوی سەرەتا بە هەڵبژاردنی شێوەزاری خەڵکی عێراق بەگشتی خۆی لە نووسەرانی دیکە جیاکردووەتەوە، هەوڵی داوە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و سانا بەکاربهێنێ و هەڵبژاردنی ئەم زمانە سادەیەش وای کردووە پەیام و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە زووتر بگەنە خوێنەران و بە ئاسانی ببێتە مایەی باسوخواس و هەمووان باشتر لە ڕۆمانەکە تێبگەن و خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. شەهد ڕۆمانەکەی بە زمانێکی هەرەمەکی نووسیوە و ڕستەسازی و چەمکی زۆر سادەی زمانی ئاسایی نووسیوەتەوە و بەدیوێکی دیکەش ستایلی نووسینی تایبەت بەخۆی دەستنیشان کردووە. بەشی دووەمی ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە ڕۆمانەکە گرتووە، قسەیان لەبارەی شێواز و تەکنیکی ڕۆمان نییە، بەڵکو ڕەخنەیان لە دەستنیشانکردن و گێڕانەوەی خەڵکی گەڕەکێک هەیە لە نێو ڕۆمانەکەدا. نووسەر پەردە لەسەر ژیانی خێزانەکانی گەڕەکێک هەڵدەماڵێ و باسی نهێنییەکانی ژیانیان دەکات، ئەوەش لەلایەن ئەو کەسانەوە ڕەتکرایەوە کە خێڵەکی و بەپێی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. ڕۆمانەکە دوو هێڵی سەرەکی و پەیوەست بەیەکی هەیە، ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ئاڵۆزن، بەڵام ئەم ئاڵۆزییە ڕاستەوخۆ بە زمانێکی سادە گرێدراوە، ئەم سادەییە لە زمان و تەکنیکی گێڕانەوە وایان کردووە ئاڵۆزی و زۆریی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بۆ خوێنەر نەبێتە تەگەرە.

### شەهد ئەلڕاوی کێیە؟

نووسەر و ڕۆماننووسی عێراقی شەهد ئەلڕاوی، ساڵی 1986 لە بەغدا لەدایکبووە. خەڵکی شارۆچکەی ڕاوەی سەر بە پارێزگای ئەنبارە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە و ساڵی 2003 چووەتە سووریا و دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بەشی کارگێڕیی کارە لە زانکۆی دیمەشق. ماستەری هەیە لە کارگێڕیی توانا مرۆییەکان و ئێستا لە ئیمارات نیشتەجێیە. ڕۆمانی " کاتژمێری بەغدا"ی لەساڵی 2016 نووسیوە. وەشانخانەی (دار الحکمە) لە لەندەن، سێیەم چاپی ڕۆمانەکەی بڵاوکردووە کە زیاتر لە 25 هەزار دانەی لێ فرۆشرا و ڕۆمانەکەش بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا.

### نێوەڕۆکی ڕۆمان:

شەهد ئەلڕاوی لە ڕۆمانی "کاتژمێری بەغدا" باس لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی عێراق دەکات، لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا باس لە خۆشەویستی دەکات. سەرباری هەلومەرجی خراپی جەنگ و گەمارۆی ئابووری لە ساڵانی نەوەتەکان، بەڵام خۆشەویستی لەنێوان کچ و کوڕ بەردەوام بووە . ڕاوی باس لە چیرۆکی خۆشەویستی کچێکی کورد دەکات بەناوی جوانە کە کوڕێکی خۆشدەوێت بەناوی ماندۆ. ماندۆ ڕاستی نییە، ئەم لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردووە کە ڕۆژێک کوڕێکی بەمشێوەیەی خۆشبوێت. ڕۆژێکیان جوانە پەیکەرێکی ماندۆ لە بەفر دروستدەکات و دەچێتە ماڵەکەی بۆ ئەوەی هەندێک شت بهێنێت و بە پەیکەرەکەوە هەڵیبواسێت، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە، دەبینێت تیشکی ڕۆژ پەیکەری ماندۆی تواندووەتەوە . جوانە دەچێتە لووتکەی چیا و هاوار دەکات "ئەی ڕۆژ بۆچی خۆشەویستەکەمت تواندەوە؟" ڕۆژ وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: "من ماندۆم نەتاواندەوە، بەڵکو ماندۆ لە عیشقی تۆدا توایەوە و بووە ڕووبار". شەهد ئەلڕاوی لە تۆمارکردنی بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەی سوودی لە بیرۆکەی ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی"ی مارکیز بینیوە و زیاتر لە بیست لاپەڕەی ڕۆمانەکەی بۆ خێزانەکانی گەڕەکەکەی تەرخان کردووە. ئەو هەوڵیداوە کە ژیانی خێزانەکانی گەڕەکەکەی لەیاد نەکرێن و دیوە شاراوەکانی ژیانی باسکردوون لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆک و سەربوردەی ژیانیان. ڕاوی چیرۆکی ئەو خۆشەویستانە بەشێوەیەکی تراژیدی کۆتایی پێدەهێنێ، چونکە پێیوایە هەموو خۆشەویستییەک بەهاوسەرگیری کۆتایی نایەت، بۆیە بەشێوازێکی زۆر جوان دۆخی عاشقەکان ئاڵۆز دەکات، یەکێکیان دادەبڕێت، ئەویدی خیانەت دەکات، یەکێکیان بەدەستی خۆشەویستەکەی دەکوژرێت، یەکێکی دیکەیان دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن و کەسێکی توندڕەو و لە جیهانی ئەویندا دووردەکەوێتەوە. دەکرێ بڵێین ڕۆمانەکە بەستنەوەی خۆشەویستییە بە جەنگەوە، گێڕانەوەی ژیانی شاراوەی عێراقییەکانە لەنێو بازنەی سیاسەت، ئایین، ئابووری و ئەویندارییدا.

### تەکنیک و گێڕانەوە:

ڕۆمانی "کاتژمێری بەغدا" دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی جەنگەوە، هەروەها ڕۆمانێکی نوێخوازە لەڕووی مانا و پێکهاتەکانییەوە، کەسایەتییەکان بە وردی خوێندراونەتەوە و بە زنجیرەیەک ڕووداوی تراژیدیدا تێدەپەڕن، بەڵام ترووسکەی هیوا لەنێو پەرەگرافەکانیدا دەبینرێ، چونکە لە دەقی گێڕانەوەکاندا یاداشتنامەکان کۆدەکاتەوە و لەفەوتان ڕزگاریان دەکات. ڕاوی سەرسامە بە تەنزنووسی بەناوبانگی عێراقی نوری ثابت کە لە گۆشەکانیدا خۆی بۆ ئاستی هاوولاتییەکی ئاسایی دادەبەزێنێ و چەمکی "بازاڕی" بەکاردەهێنێت. شەهد لەژێر کاریگەریی تەوژمی نووسەرە نوێخوازەکاندایە کە هەوڵی تێکشکاندنی پەیکەری گێڕانەوەی کلاسیکی دەدەن. جگە لەوەش خۆی لە گێڕانەوەی تاک ڕیتمی ڕزگارکردووە و ڕێچکەی تاکە قارەمانی شکاندووە کە تەنیا کەسێک پاڵەوانی سەرەکییە. هەر ئەو کەسە خۆشەویستی دەکات، دەجەنگێت، کۆچ دەکات، دەکەوێتە نێو تیرۆر، خۆی دەکوژێ، سیحر دەکات. ئەو دەیەوێت ڕۆڵەکان دابەش بکات و لە هەر ڕۆڵێکدا نەهامەتییەکی عێراقییەکان بگێڕێتەوە، بۆیە سەرکەوتووانە لە ستایلی گێڕانەوەدا بەباشی هێڵەکانی گێڕانەوەی دیاریکردوون و زیرانە و نوێخوازانە ڕووداوەکان بە کارەکتەرەکانەوە دەبەستێتەوە، هەربۆیە خوێنەر لە دێڕی یەکەمەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ناتوانێ دەستبەرداری بێت و پەلکێشی نێو ڕووداوەکان دەبێت.

بەبڕوای من شەهد ئەلڕاوی وەک ڕۆماننووسێکی گەنج ڕێچکە و ستایلی نووسەرانی پێش خۆی تاقیکردووەتەوە کە نووسەرانی نوێخواز و ڕچەشکێنن، بۆ نموونە نووسەرانی وەکو بورهان شاوی، عەلی بەدر، ئەحمەد سەعداوی ، موحسین ڕملی، دالیا قەیسی و سەعد محەممەد ڕەحیم کە لە ڕۆمانی "کوژرانی کابرای کتێبفرۆش" بە ستایلێکی مۆدێرن دەرکەوت. ئەم نووسەرانە ڕێچکەی ڕۆمانی عێراقییان گۆڕی و شێوازی گێڕانەوەیان لە ڕۆماندا بردە پێشەوە و زووتریش لە جیهانی عەرەبیدا دەرکەوتن، هەر بۆیە شەهد ئەلڕاوی لەدوای ئەو نووسەرانەی ناوم هێنان توانیویەتی سوود لە ئەزموون و شێوازی ئەوان وەربگرێت و هاوکات بۆخۆشی بتوانێت ڕێچکەی خۆی دیاری بکات.

شەهد لە هەڤپەیڤینێکدا لەبارەی نووسین دەڵێ: "نووسینم لە ژانرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکاندا تاقی کردەوە و هەرکات لە ژانرێکدا سەرکەوتوو نەدەبووم، دەچوومە سەر ژانرێکی دیکە؛ ژانرێک کە ئازادیی بەیان و دەرفەتی دەربڕینم پێ ببەخشێت. لە شکست نەدەترسام و سڵم لە ئەزموونی فۆرمە جیاوازەکانی ئەدەبیات نەدەکردەوە". ئەم بۆچوونەی نووسەر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەر لە تاقیکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکاندا دواجار لەسەر ڕۆمان گیرساوەتەوە و ئەمەشی وەکو دەستپێک بە خاڵێکی سەرکەوتن ئەژمار دەکرێ.

شەهد ئەلڕاوی لەبارەی ڕۆمانی عێراقی دەڵێ: " ئێمە جەنگی جۆراوجۆرمان تێپەڕاندووە، کەسایەتییەکانی ئێمە لەنێو ئەم جەنگانەوە خولقاون. هەوڵمداوە لە زمانی جەنگ هەڵبێم؛ بەڵام لە دەسەڵاتی مندا نەبوو، جەنگ، هاوڕێ لەگەڵ عەشق، گۆرانییەکان و کۆچی بەکۆمەڵدا دەڕژێتە نێو قەڵەم و سەر خەتەکان و ئەمە ئەزموونێک نییە کە تەنیا پەیوەست بێت بە نووسەرانی عێراقییەوە. ئەدەبیاتی جەنگ لە ئەزموونی ئەدەبیاتی جیهانیدا بەرچاو و ناسراوە. دۆخی جەنگ پێدەچێت بۆ ژیانێکی ئاشتیانە نامۆ و جیاواز بێت، بەڵام لە وڵاتەکەی مندا پێچەوانەیە. ئاشتی تەنیا لە مەودای نێوان جەنگێک تا جەنگێکی دیکە بەردەستە. پێموانییە ڕۆمانی عێراقی و ئەدەبیاتی عێراقی هەرگیز بتوانێت لە دەنگی تەقینەوەکانی جەنگ تا زەمانێکی درێژ ڕزگاری بێت. مخابن جەنگ بووەتە هاوڕێیەکی نەفرەتی کە ناچارین لەگەڵیدا بژین".

شەهد ئەلڕاوی نموونەی ڕۆماننووسێکی بوێرە لە دەستنیشانکردنی بابەت و هەروەها نوێخوازە لە ستایلی گێڕانەوەدا. ئەزموونی یەکەم ڕۆمان لەلای شەهد دەستپێکێکە بۆ نووسینی ڕۆمانی جوانتر و هەڵبژاردنی بابەتیانەی ڕۆمان بەم تەکنیکە کە لەیەکەم ڕۆماندا توانی بەسەرکەوتوویی ئەزموونی بکات و ببێتە خاوەن فۆرمێکی تایبەت و سەرنجڕاکێش لە ئەدەبیاتی عێراقیدا، دڵنیام لە داهاتوویەکی نزیکدا شەهد ئەلڕاوی دەچێتە ڕیزی نووسەرە بەتواناکانی عێراق کە ناویان لە گۆڕینی ڕێچکەی ئەدەب بەرەو فۆرمی نوێگەری بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.


**سەرچاوەکان:**

**- ساعة بغداد - شهد الراوي- سنة 2016 دار الحكمة- لندن**
**- گفتوگۆی نووسەر لەگەڵ گۆڤاری ناشناڵ**
**- وەرگێڕانی شاڵاو حەبیبە- ڕەخنەی چاودێر.**

# دەلالەتی ناونیشانی چیرۆکی کور



حەمە مەنتک



ناونیشان بە دەروازەی یەکەمی چوونە ژوورەوەی خوێنەر بۆ ناو دەق دادەنرێ. خوێنەر دەتوانێ لە ناونیشاندا کۆمەڵێ زانیاریی سەرەتایی لەبارەی چیرۆکەوە دەستبخات. ئەو زانیاریانە کۆمەکی باشی خوێنەر بۆ چوونە ناو دەق دەکەن. کەواتە ناونیشان هەر ڕستەیەکی ئاسایی ڕێزمانی نییە، بەڵکو وەکو سیمیۆلۆژییەکان لێی دەنۆڕن، بونیاتی دەلالی خۆی هەیە. واتە لەخۆوە ئەو ناونیشانە بۆ دەقەکە نانووسرێ، کۆمەڵێ ڕەهەندی لەخۆگرتووە. ناونیشان (یەکەم کلیلە کە دەرگا داخراوەکانی دەقی پێ دەکەینەوە، چونکە نیشانەیەکی سیمیۆلۆژییە. دەتوانین هەڵیوەشێنینەوە و وابەستەی دەقی بکەینەوە.)) [فتاح،1990،ص72] ئەم کلیلە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هێندێک لایەنی دەقی پێ کەشف بکەین. لەدوای بونیادگەرەکانەوە ناونیشان پتر بووە جێی سەرنجی توێژەران. تەنانەت وەکو زانستێک ناسێنرا (زانستی ناونیشان) و بەشداری لە ڕاڤەکردنی گوتاری ئەدەبی بەتایبەت دەقی گێڕانەوەدا کرد. نووسەرێکی وەکو "لیۆ هۆک" لەبارەی ناونیشانەوە دەڵێت: "کۆمەڵێ پێوەندی زمانییە (وشە، ڕستە، دەق) هەوڵی چەسپاندنی وێنەی دەق دەدات، ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەکی گشتی، هەروەها بۆ ڕاکێشانی خوێنەر". [اشبهون،2011،ص17] .

لێرەوە دەزانین چەندە قورسە پێناسەیەکی تەواو بۆ ناونیشان بکەین، بەتایبەت دوای ئەوەی وەکو زانستێک ناسێنرا. لێرەدا من نامەوێ لەڕووی تیۆرییەوە ناونیشان بەرباس بدەم، بەڵکو ئەوەی دەمەوێ بیکەم ئەوەیە ناونیشانی ئەو چیرۆکانەی لەو ماوەیەی دەستنیشانم کردووە، ئایا ناونیشانی دەلالی و شیعرین؟ ئایا چۆن ئایدیۆلۆژیا کاریگەری لەسەر ناونیشان هەبووە؟

ناونیشان وەکوو ڕەگەزێکی سەرەکیی چیرۆک دەبێ لایەنی هونەری و ئێستاتیکی تێدا هەبێ. تەنانەت ڕەخنەگران بە کورتکراوەی دەقەکەی دادەنێن. هەوەڵین کاری چیرۆکنووس هەڵبژاردنی ناونیشانێکە، زۆر لە چیرۆکنووسان هەڵبژاردنی ناونیشان بە کارێکی زەحمەت دادەنێن کە ماندووبوونێکی زۆری دەوێ. ((ناونیشان نیشانەیە بۆ ئەوەی کێ نووسیویەتی و بۆ کێ نووسراوە.)) [ابوبکر،1341،ص143] .

یەکەم وشەیەک، ڕستەیەک خوێنەر لە دەقی چیرۆکدا بەری دەکەوێ ناونیشانە، بۆیەش دەبێ هێندە هونەری بێ، خوێنەر بەرەو ناو چیرۆک ببا. ناونیشانی چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی (بەرەو ڕۆژ)ی د.مارف خەزنەدار هێندە سادەن، لە قسەیەکی ئاسایی دەچن. هیچ گە مە یە کی هونەری و ئێستاتیکی لەم ناونیشانانەدا نییە، تەنانەت لە هێندێک ناونیشاندا یەکڕاست دەزانین چیرۆکەکە لەبارەی چییەوەیە و چ ئایدیۆلۆژیایەک بەسەر تەواوی چیرۆکەکەدا زاڵە. بۆ نموونە چیرۆکەکانی وەکوو: لەپێناوی دڵپاکیدا، دڵداری قەدەغە نییە، پێشوازی خاوەنشکۆ، بە ئامانج گەیشت، ئێوە قارەمانن، خەنجەر و قەڵەم کامەیان؟، سوێندی بەچکەشێران... تاد. چیرۆکەکان زۆربەیان لەبارەی دیاردەی کۆمەڵایەتین و چارەسەری ئەم دیاردانە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا کراوە. ئاشکرایە ئەو دیاردانەیش هێندە زەق و دیارن گێڕانەوەیان بە شێوەی چیرۆک هێندەی لایەنی واقیعی بەسەر فەزای چیرۆکەکەدا زاڵ دەبێ، بوار بۆ تەکنیک و لایەنی هونەری ناهێڵێتەوە.

ناونیشانی چیرۆکەکانی (مەم) بە هەمان شێوە، هێندە ئاشکرا و ئایدیۆلۆژی نووسراون، خوێنەر بەبێ ماندووبوون دەزانێ چ بیرکردنەوەیەک لە پشتی ئەم ناونیشانانەوە هەیە. بۆ نموونە: برسیەتی بەهێزترە، بارکەین لە گوند، کارمان دەوێ...تاد. بەستنەوەی ناونیشانی دەق بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، کاریگەری لەسەر لایەنی هونەریی ناونیشانەکە دەبێت. لێرەوە دەمەوێ بڵێم: ناونیشان بچووککردنەوەی دەقە لە دێڕێک، ڕستەیەک، وشەیەکدا و چیرۆکنووس کاتێک ئەم وشە و ڕستەیە بە ئایدیۆلۆژیایەک بارگاوی دەکات، خوێنەر جودا لە یەک زانیاری چیدیکەی دەستناکەوێ. تاکە هۆکاری ئەمەیش چیرۆکنووسە، بەهۆی زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە بەسەر شێوازی

# سروشت لە شیعری گۆراندا

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانكۆی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی نامەیەکی ماستەرە کە ساڵی 1990 (فازڵ مەجید مەحموود)، بە سەرپەرشتی (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە و لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم، ئاوڕ لە چەمکی سروشت و پەیوەندی بە ئەدەب و ئەدەبی کوردی و شاعیرانی کوردەوە دەداتەوە و باسی ڕێبازی ڕۆمانتیک و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردی و پەیوەندیی ئەم ڕێبازە بە سروشتەوە دەکات، لە کۆتاییشدا پێشەوایەتی گۆران لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی و مەبەستە شیعرییەکانی خستووەتەڕوو.

توێژەر لە پێناسەی سروشتدا دەڵێ، هەموو شتەکانی دەوروپشتمان جگە لە مرۆڤ دەگرێتەوە، دەیکاتە دوو بەش (بێگیان، زیندوو)، لێرەشەوە پێیوایە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە سروشت راماوە و هەوڵی لێکدانەوەی داوە، شاعیرانیش هەریەکە بەشێوازی خۆی لە سروشت دواوە و کردوویەتی بە کەرەسەی شیعری، لەبەرئەوە لای بابە تاهیری هەمەدانی سروشت ئاوێزانی سۆفیگەری دەبێت و لای مەلای جزیریش کەرەسەیەکی فراوانی دروستکردنی وێنەی شیعری و بیری فەلسەفی و سۆفیگەرییە. توێژەر دواتر باسی سروشت لە شیعرەکانی بێسارانی و مەولەویدا دەکات و پێیوایە (مەولەوی و پیرەمێرد و گۆران) سێکوچکەیەکن بۆ وێنەگرتنی سروشتی واقیعی کوردستان. پاشان باسی ڕێبازی ڕۆمانتیک دەکات کە بزووتنەوەیەکی یاخی و نارەزا بوون و لە سەدەی هەژدە لە ئینگلتەراوە بۆ سەرانسەری دنیا بڵاوبووەوە و ئازار و ئاواتەکانی مرۆڤی سەردەمی سەرمایەداری وێنا دەکرد. هاوکات ڕۆمانسیەکان ئازادانە و بە زمانێکی سادە شیعریان دارشت و یاخی بوون لە قاڵبی ئامادەکراوی کلاسیک، هەندێکیان گەڕانەوە بۆ سروشت و بە زمانی ناوچەیی دەیاننووسی. لە ئەدەبی کوردیشدا لەسەرەتای سەدەی بیست ڕۆمانتیک لەگەڵ هەرەسهێنانی دەرەبەگایەتی و گەشەکردنی چینی بۆرژوا و جەنگەکانی جیهانی زیاتر گەشەی کرد، ئەمەش زیاتر بە کاریگەری ئەدەبی ئەورووپی و تورکی ڕوویدا، هەرچەند ڕەنگ و نەخشی ڕۆمانتیکی کوردی لەژێر کاریگەری کۆمەڵگای کوردیدا بوو، گوزارشتی لە هیوا و ئاواتی میللەت دەکرد، بەڵام هاوشێوەی ئەدەبی ڕۆمانتیکی توێژەر دوو لایەنی سەرەکی ڕۆمانتیکی (شۆڕشگێڕی و کۆنەپەرستی) جیادەکاتەوە. لە شۆڕشگێڕیدا گەشبینی، ئومێد و خەبات هەن (بۆ نموونە شیعری "سەوزەگیای پایز"ی گۆران)، لە کۆنەپەرستیشدا گۆشەگیری، وەڕسی، شین و گریان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو (بۆ نموونە "خۆزگەم بە پار"ی گۆران). توێژەر پێیوایە گۆران وەک شاعیرێکی هەڵکەوتە توانیویەتی ڕووداوەکان بجوڵێنێت، نەک ڕووداوەکان ئەو بجوڵێنن.



لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسی سروشت و مەبەستە شیعرییەکانی گۆران دەکات و دەڵێ: "گرنگترین لایەنەکانی شیعری گۆران سروشتە" لەبەرئەوە سروشتی جوانی کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەبووە. هاوکات کاریگەر بووە بە کەلەپوورە بە برشتەکەی شیعری کوردی و فۆلکلۆرو قسەی سەرزاری خەڵکی و کوردییەکی پەتی و بێگەرد، بۆیە سەدان وشەی لە فەوتان رزگار کردووە و سەدان وشەشی هێناوەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە. خاڵێکی دیکەی بەهێزی شیعری گۆران ئاگاداربوونی بووە لە ئەدەبیاتە جیاوازەکان، چونکە پێنج زمانی زانیوە، هاوکات ئەزموونی شیعری لە زۆر شێوە و ڕێبازی جیاوازدا هەیە (کلاسیک، ڕۆمانتیک، ریالیزم..)

بەشی دووەم، ئەم بەشە بە تەواوی تەرخانە بۆ ناونیشانی نامەکە، سروشت لە شیعرەکانی گۆران- دا لە تەواوی ئاست و دەرکەوتە جیاوازەکانیدا باسکراوە. توێژەر شیعر و دێرژمێری سەرجەم شیعرەکانی گۆرانی کردووە کە (5206) دێرەو (846 دێر کە دەکاتە 16%)ی شیعرەکانی ڕاستەوخۆ باسی سروشتە، لەبەرئەوە سروشت پێگەیەکی بەرزی لای گۆران هەبووە. هاوکات دەستنیشانی یەکەم و دوا شیعری سروشتی شاعیری کردووە، یەکەمیان (ئەی شەوقی گەلاوێژ)ەو دوا شیعریشی (بێدارییەک) کە چەند مانگێک پێش مردنی لە 6/6/1966 نووسراوە:

**ژوورم تەنیا و دنیای بەر پەنجەرەی ژوور**
**بە چواردەوری باخچەی کۆشکا هەتا دوور**
**دارستانی سەروە و سنەوبەری بەرز**
**شەو ڕووناکە و چاوم یاخی لە وەنەوز**

گۆران لە سەرەتای نووسینیەوە تا چەند مانگێک پێش مردنی لە شیعرنووسین بەسەر سروشتدا بەردەوام بووە. هاوکات بەپێی قۆناغەکانی نووسینی مامەڵەی لەگەڵ سروشت و دەوروبەر گۆڕاوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانسیەتدا زیاتر بەهۆی هەستەکان و ڕوانینی هونەرییانەوە مامەڵەی لەگەڵ سروشت و ئافرەت کردووە، شەوانی شەو چاودێرییەکی وردی سروشت و گۆڕانەکانی کردووە و عاشقی جوانی بووە:

**ئەستێرەیەکی گەشی پڕ لە تەبەسوم**

**دەرکەوت و گەیشت لێوە بە دڵ زەوقی تەماشا**
**بەحری هەوەس و شەوقم وەها کەوتە تەلاگوم**
**بۆ سەیری جەمال کردنی دنیای بەیانی**
**هێشتا شەو زۆری مابوو کە من کەوتمە سەحرا**
**وەک شێت..بەڵام شێتی شیعر شێتی جوانی**

گۆران وەک شاعیرێکی داهێنەر لە وێنەسازی شیعریدا لاسایی شاعیرانی بەر لە خۆی نەکردووەتەوە و بە چاوی خۆی و پێوەری جوانبینی خۆی ڕوانیویەتی بۆ سروشت و لە چێژی گشتیش لایداوە:

**ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان**
**پێشێلی ستەمە گشت شتێکی جوان**
**تا هەوری ڕووی ئاسمان دڕ ئەداو هەتاو**
**ئارامی شیرین تر ئەخاتەوە ناو ...**

دواتر توێژەر بەتایبەت باسی گەشتی هەورامان دەکات کە لە 122 دێڕ پێکهاتووە و دوو ڕۆژ و یەک شەوی خایاندووە، گۆران لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ریالیستانە وێنەی سروشت دەکێشێ و دواتر ئایدیۆلۆجیای گۆران دێتە ناوەوە کە جیاوازی چینایەتی لە ماڵی ئاغا و خەڵک و خانەقا و مزگەوت دەردەخات.

گۆران جوانبین و وردبین بووە، سەرنجی شتگەلێکی داوە کە ون و نابەرچاوە و ساکارە (تەڵی وەنەوشە، ئەستێرەی بەربەیان، دەنگی کپ و هێمن، بەرگی ساکار نەک هی بووک..) یان وردیی شاعیر لەم گەشتەدا کە هەورامان شاخ دەوری گرتووە و هەتاو درەنگ دێتە ناو دێ، دەنووسێ:

**لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی**
**چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی**
**بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو**
**ناگاتە ناو دێ پرشنگی هەتاو**

هاوکات گۆران ئافرەت و یاری وەک بنەمای جوانیی سروشت بینیوە، ئەوەی جوانیی سروشت رۆشن دەکاتەوە بزەی ئازیزە:

**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز**

ئافرەت لای گۆران بەهایەکی ئیستاتیکیی بەرزی هەیە و زۆرکات وێنەی هەستەکانی تێکەڵی سروشت دەکرێت، واتە سروشت و ئافرەت ئاوێزان دەبن، بەڵام ئافرەت پلەی یەکەم وەردەگرێت.

دواتر توێژەر باسی قۆناغێکی تری شیعری گۆران دەکات کە جوانیی سروشت و ئافرەت دەبنە رووکەش، ئازایەتی، شۆڕشگێڕی و کردەی چاک و جوانیی گیان و نیشتمانپەروەری دەبنە بنەمای جوانی؛ جوانیی سروشتی کوردستان دێتە ناوەوە. هاوکات لە گەشتی قەرەداغ کە درێژترین شیعری گۆرانە و لە 358 دێڕ پێکهاتووە، بەشێوەیەکی ریالیستانە وەسفی سروشت و دیاردەکان دەکات. هاوکات چەندین شیعری بۆ نەورۆز نووسیوە و شیعرە سیاسییەکانی لایەنێکی فراوانی ڕووبەڕووبوونەوەی بووە لە دژی زوڵم و زۆری ئیمپریالیزم، پشتگیری خەباتی گەلانی جیهانی کردووە و مرۆڤی گشت جیهانی لە دژی ستەم و چەک هانداوە، چونکە لە ئاشتیدا سروشت ئاوەدان و جوانتر دەبێت.

بەشی سێیەم، لەم بەشەدا بەپێچەوانەی بەشی دووەم، زیاتر ئاوڕ لە رووخساری شیعرەکانی شاعیر دراوەتەوە و پێیوایە کە لە شیعرە سروشتییەکانیدا زیاتر کوردی پەتی بەکارهێناوە، هەرچەند هەرسێ قۆناغی کلاسیک و زمانی تورکی عوسمانلی و کوردی پەتی هەن، بەڵام کوردی زیاتر لە هەموویان لە شیعرە سروشتییەکاندا دەبینرێت، چونکە هەستی نیشتمانپەروەری و خەبات و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ بووە ئەرکێک لای شاعیر. توێژەر لەم بەشەدا ئاوڕ لە زمانی گشتی لەناو شیعری گۆران دەداتەوە و دواتر باسی کێش و سەروای کردووە کە چۆن ناوەڕۆکێکی تازە و ئازادییەکی زیاتری لە شیعرەکاندا نیشانداوە و قاڵبە شیعرییەکانی بەپێی بوارەکان تێهەڵکێش کردووە و توانیویەتی چەند مەبەستی جیاواز لەناو قاڵبێکدا جێ بکاتەوە یان تێهەڵکێشی چەند قاڵبی جیاوازی کردووە. دواتریش باسی چەند جۆر وێنەی شیعری دەکات. هەر لەم بەشەدا باسی ڕەنگ و دەلالەتەکانی لە شیعری گۆراندا دەکات. سەرەتا ڕەنگی رەش بە خەستی دەبینرێت کە دەلالەتی لە بێزاری و تاریکیە، دواتر ڕەشیی چاوی ئافرەت ئاڵ و جوان دەبێت، هاوکات ڕەنگی (سەوز و زەرد) بە فراوانی بەکارهاتوون، دواتریش ڕەنگەکانی کاڵ، ئاڵ و گەش.. کە ئەمەش وای کردووە مامەڵەی شاعیر لەگەڵ ڕەنگ مۆرکی تایبەتی خۆی هەبێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا توێژەر ئاوڕ لەو کەرەسە سروشتییانە دەداتەوە کە گۆران بەکاری هێناون. پێیوایە ئەوەی هاوهەستیی لەگەڵ شاعیردا نەبووبێ و جوان و ناسک نەبووبێت کەمتر بووەتە کەرەسەی شیعری.

توێژەر بە 22 خاڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی خستووەتەڕوو کە جوانیی سروشت بە هەموو جۆرەکانییەوە بە کاریگەری جوانیی کوردستان ئاودراوە، هاوکات رواڵەت و ناوەڕۆکی جوانی دیاردەکان سەرنجی بردووە و بەپێی قۆناغەکانی بیرکردنەوە و هۆشیاریی شاعیر دیدی بۆ جوانی گۆڕاوە، بەڵام جوانیی سروشت لە هەموو قۆناغەکاندا لە ریزی پێشەوە بووە و هێمنیی شاعیر وای کردووە کە حەزی بە ئاژاوە نەبێت، ئەمەش لە هەڵبژاردنی کەرەسە شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە . لەبەرئەوە لەڕووی کێش و سەرواشەوە دۆخی دەروونیی جیاوازی هاوتا کردووە بە فرەکێشی و داهێنانی کێشی نوێ بۆ دەربڕینی سۆز و ئەندێشەی شیعری. هاوکات لە باسی سروشتدا، سروشتی لەپێناو سروشت پەسن نەکردووە، بەڵکو زۆرکات بۆ مەبەستی جیاوازی سیاسی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی و دۆخی مرۆڤ بە گشتی ئاوڕی لێداوەتەوە، بۆیە گۆران شاعیرێکی گەورەی سروشتی کوردستانە.

## ردی (1950 - 1969)



بیرکردنەوە و نووسینیدا. بۆ نموونە ناونیشانی چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)ی د.مارف لە ڕستەیەک پێکهاتووە، ڕستەیەک واتای تەواومان دەداتێ. لەڕێی ئەم ناونیشانەوە دەزانین تێمەی چیرۆکەکە بریتییە لەوەی کچێک و کوڕێک دڵداری دەکەن، بەڵام دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان ڕێ بەم کارە نادەن، بۆیەش چیرۆکنووس دەیەوێ بیسەلمێنێ ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵگری بیری چەپ بن، ئەوا دڵداری نێوان کوڕ و کچ ئاسایی دەبێت. کەواتە ناونیشانەکەیشی خستووەتە خزمەت ئایدیۆلۆژیاکەی، لێرەدایە شیعرییەتی ناونیشان دەکوژرێت، چونکە لەژێر هەژموونی تەواوی بیرکردنەوەی چیرۆکنووسدایە. ئەم ناونیشانە ڕاستەوخۆیانە ئەو کات وەکو مۆدێلێک بووە، بەبێ ئەوەی چیرۆکنووسان گرینگی بە کاریگەریی ناونیشان بدەن. چیرۆکی (ئەنجامی کچفرۆشی) ی ڕەئوف بێگەرد، ناونیشانەکە قسەیەکی ئاساییە، بەبێ ئەوەی هیچ گەمەیەکی زمانی و هونەریی تێدا کرابێت. یەکڕاست خوێنەر دەزانێت چیرۆکەکە لەبارەی قەدەغەکردنی دڵدارییە و باوکی کچە، کچەکە بە کەسێکی دیکە دەدا کە کچە حەزی پێناکات، ئەمەیش وەکو کچفرۆشی لێکدەدرێتەوە و لە ئەنجامدا کچە و کوڕە دەکوژرێن. هەموو هەوڵی چیرۆکنووسان بۆ چارەسەرکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە لەبەر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا بەبێ ئەوەی گوێ بە لایەنی تەکنیکی و هونەریی چیرۆک بدەن. خۆ "چیخۆف" و "گی دی مۆپاسان"یش شێواز و زمانی چیرۆکیان سادە و ڕاستەوخۆیە، بەڵام گرینگییان بە وشە داوە، هەوڵیان داوە زمانەکەیان هێندە چڕ بێت، هیچ وشەیەکی زیادەی تێدا نەبێت. ئەوەی من تێبینم کردووە، ناونیشان و تێمەی زۆربەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسانی ئەو ماوەیە، ڕەنگدانەوە و کاریگەریی زۆری چیرۆکنووسە چەپەکانی ڕووسیای پێوە دیارە. دیارە ئەمەش بۆ هاوئایدیۆلۆژیی زۆرێک لەو چیرۆکنووسە کوردانە لەگەڵ ئەوان دەگەڕێتەوە.

وەکو دەڵێن مشتێک نموونەی خەروارێکە، زۆربەی هەرە زۆری ناونیشانی چیرۆکەکانی ئەو ماوەیە، ناونیشانی سادەن، وەکو ڕاستەیەکی ئاسایی دەردەکەون، بەبێ ئەوەی چیرۆکنووس هەوڵی لەگەڵدابن. بە واتایەکی دیکە خاڵین لە شیعرییەت، ئەمەیش وا دەکات ئەو ناونیشانانە وەکو دەلالەتێکی ئەدەبی دەرنەکەون، بەڵکوو وەکو قسەیەکی سادە بن. ئەم سادەییە کاریگەری لەسەر چێژی خوێنەر دەبێت، خوێنەرێک ئاگاداری تەکینک و هونەری ناونیشان بێت، یان خوێنەرێکی هوشیار و بە سەلیقە، کاتێک ئەم ناونیشانانە دەبینێ، لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دووردەکەوێتەوە، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی ناونیشان ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە. زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای چیرۆکنووس بەسەر دەقی چیرۆکدا و ناونیشانیش وەکو ڕەگەزێکی دەق، وا دەکات ڕەهەندی ئەدەبی و هونەری لەدەست بدات، چونکە گەمەی زمانی ئەگەر لەنێوان وشەکانی ناونیشاندا هەبوون، ئەوا دالەکان لەگەڵ یەکدی جۆرێک لە ڕیتم و ئێستاتیکا بە ناونیشانەکە دەبەخشن. ڕاستە لەلایەک ناونیشانەکان پێوەندییان بە سەردەمەکەوە هەیە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی گۆڕانکاری لە ناونیشانەکان، هەرچەندە شۆڕشی چواردەی تەمووز ڕوودەدات، شۆڕشی ئەیلوول هەڵدەگیرسێ، بەڵام ڕۆنانی ناونیشان هەر لەژێر هەژموونی ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵاتی چیرۆکنووسدا دەبێت. هەرچەندە ناونیشانەکان واقیعین، بەڵام مەدلولیان لێ نابێتەوە. بۆ نموونە چیرۆکی (خەنجەر و قەڵەم کامەیان؟)ی د.مارف، خەنجەر دەلالەتی شەڕ و نەزانینە و قەڵەمیش دەلالەتی زانست، دەبینین هەر یەکەیان لە یەک مەدلول پتریان لێ هەڵناهێنجرێت. ئەمەیە ناونیشان لەڕووی هونەرییەوە لاواز دەکات.

**سەرچاوەکان**

**1. ڕەئوف بێگەرد ،1958، ئەنجامی کچفرۆشی، چیرۆک، گۆڤاری هەتاو، ژمارە 132.**
**2. اشبهون، عبدالمالک، 2011، العنوان في الرواية العربية، النالیا للدراسات والنشر والتوزیع، سوريا.**
**3. ابوبکر محمد بن يحي الصولي،1341هجري، ابد الكتاب، المکتبة الغربية، بغداد، الطبعة السلفية.**
**4. فتاح، محمد، 1990، دينامية النص- تنظير و ايجاز- ، المرکز الثقافي العربي، ط2، دار البيضاء.**








# دەوڵەتێك لە پەڕی کاغەز!

ڕێبوار کەریمی



ڕۆژی پێنجەمی ئەم دوایین مانگەی ساڵی 2018، وڵاتی فینلاند پێی نایە ناو سەدویەکەمین ساڵی سەربەخۆییەوە. لە پێنج ساڵ پێش ئێستاوە حکومەتی فینلاند بڕیاری دابوو دوایین ڕۆژی سەدساڵەی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی شکۆدار جەژن بگرێ. ئەم جەژنە شکۆدارە هیچ نەبوو کردنەوەی بینای نوێی کتێبخانەی ناوەندیی شاری هێلسینکی نەبێ بەڕووی هاووڵاتیاندا. هێندێ لە کوردە کۆچەرەکانی دانیشتووی هێلسینکی بەختی ئەوەیان هەبووە لە ڕۆژی کردنەوەی ئەو کتێبخانە شکۆدارەدا بەشدار بن و هێندێکیان؛ لە پەنجەرە بەرزەکانییەوە وێنەی دەرەوەی بیناکە (!) و لە ناوەوەش، وێنەی جوانی خۆیان گرتووە! جوانییەکانی ئەو بینایە تەنیا پێوەندی بە بیناسازیی داهێنەرانەی کتێبخانەکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەو شۆڕشەشەوە هەیە کە ئەو بینایە لە چەمکی کتێبخانەدا کردوویەتی. "کتێبخانەی ئۆودی"، تەنیا "خەزێنەی کتێب" نییە بە مەفهوومە کلاسیکەکەی کتێبخانە. قاتی یەکەمی بیناکە کافتریا و مەکۆی دیداری هاووڵاتیانە، قاتی دووەمی سینەما و جێی پێشانگایە. تەنیا قاتی سێهەمی بیناکە کتێبخانەیە، بەومانایەی کتێبخانە کە ئێمە پێی ئاشناین. بیناکە، دوو کۆڵەکەی کەوانەیی ئاسنی لێ دەرکەیت، زۆربەی زۆری لە دار و شووشە چێ کراوە. بینایەک کە ئەگەر لە دوورەوە لێی بڕوانی شێوەی شەپۆلێکی دەریا دەدا. شەپۆلێکی شینباوی ئاشنا بۆ دانیشتووانی شارێکی کەنار دەریا. هەڵبەت شکۆی ئەم بینایە تەنیا لەو چوارچێوە شەپۆلئاسا شینباوەی ساختاری بیانەکەدا نییە. "کتێبخانەی ئۆودی" پێش ئەوەی بینا بێت، چیرۆکە. حەکایەتێ لە دێموکراسی و ئاوێنەی باڵانوێنی نەتەوەیەکی بچووک بەڵام مەزن. با بڕێک لەم حەکایەتە بدوێین:

"کتێبخانەی ئۆودی"، -37هەمین کتێبخانەی گشتیی شارە (ئەویش لە شارێکدا بە حەشیمەتی هەولێرەوە)! هێلسینکی کەم گەڕەکی هەیە کتێبخانەی خۆی نەبێ. هەڵبەت کەس پێیوانەبێ ئەو شارە تەنیا ئەو 37 کتێبخانەیەی هەیە: ڕاستییەکەی ئەو 37 کتێبخانەیە تەنیا بەشێک لە کتێبخانەکانی شارن. کتێبخانەی تریش زۆرن کە ئەوانیش بەڕووی هاووڵاتیاندا کراوەن. هەر بۆ وێنە ئەگەر لەم کتێبخانە نوێیەی باژێرەوە بکەوینەڕێ، تا کتێبخانەی پەڕلەمانی فینلاند 600 مەتر زیاتر ڕێگا نییە. کتێبخانەی پەڕلەمان دەریای سەرچاوەی زانستییە، وەک زۆربەی بەشەکانی تری پەڕلەمانیش بەڕووی هەموو هاووڵاتیاندا کراوەیە. ئەگەر بەئاراستەیەکی تریشدا لە کتێبخانەی نوێوە بکەویەڕێ، 800 مەتر واوەتر دەگەیت بە شاکارێکی نوێی بیناسازی کە ئەمیان کتێبخانەی زانکۆی هێلسینکییە. با بڕێک باسی ئەم کتێبخانەیەتان بۆ بکەم:

بەتەنیشت بینای ناوەندیی زانکۆی هێلسینکییەوە کتێبخانەی نەتەوەیی فینلاند هەڵکەوتووە. ئەم کتێبخانەیە 150 ساڵی تەمەنە و لەباری بیناسازییەوە تێکەڵکێشێکی سەرنجڕاکێشی بیناسازیی ڕۆمی و یۆنانییە. تا ساڵی پار بەرهەمەکانی ئەم کتێبخانەیە بریتی بوون لە سێ ملیۆن کتێبی کۆن و نوێ و، سێ ملیۆنیش چاپکراوی تر! ئەمە جگە لە دەیان ملیۆن بەرهەمی دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنی. تەنیا تا ساڵی 2015، درێژیی کۆی ڕەفەی بەرهەمەکانی ئەم کتێبخانەیە دەیکردە 115 کیلۆمەتر! لە ناو کوردەکانی خۆماندا من تەنیا یەک مامۆستای ئاینیی خانەنشینم پێ شک دێ کە تا ئەم دواییانە بەبەردەوامی هاتوچۆی ئەم کتێبخانەیەی دەکرد (لەڕاستیدا پێوەندیی کوردی فینلاند و زانکۆ بەگشتی، وەک پێوەندیی "ئەستێ و پووشوو" وایە!). ئەم کتێبخانەیە بە "کتێبخانەی زانکۆی هێلسینکی" ناسرابوو. بەڵام 10 ساڵ لەمەوبەر بڕیاردرا ئەم کتێبخانە دێرینە وەک "کتێبخانەی نەتەوەیی" ناوزەد بکرێ و، زانکۆی هێلسینکیش کتێبخانەیەکی نوێی بۆ دروست بکرێ. قسەی 10 ساڵ پێش ئێستایە، ئەو دەمانەی لە کوردستانی ئێمەدا وا باوبوو کە بگرە گۆڕستان و گەڕەکە دێرینەکانیش تێکبدەن بۆ ئەوەی بیکەن بە مۆڵ. لەوێ، ڕێک لە ناوەندی شاری هێلسینکیدا، بازاڕێکی گەورەی چەندقاتیان تێکدا بۆ ئەوەی بیکەن بە کتێبخانە: کتێبخانەی زانکۆی هێلسینکی.

زانکۆی هێلسینکی کە لەناو ڕیزی سەد زانکۆی یەکەمی دنیادایە، ئێستا بینای کتێبخانەکەشی سەرتۆپی کتێبخانەکانی دنیایە. بینایەکی شەش قات کە مۆدێرنترین تەکنەلۆژیای هاوچەرخی تێدا بەکارهاتووە تا خوێندکار زۆرترین چێژ لە کات تێپەڕاندن لە فەزای ئەو بینا دڵڕفێنەدا ببینێت. کتێبخانەی زانکۆی هێلسینکیش بەڕووی هەموو هاووڵاتیاندا کراوەیە. لەڕاستیدا نەک هەر هاووڵاتیانی فینلاند، بەڵکو هەر کەسێکی دانیشتووی فینلاند کە تەمەنی سەرووی 15 ساڵ بێت، دەتوانێ سوود لە هەموو خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی زانکۆی هێلسینکی ببینێ. ساڵانە، دوو ملیۆن کەس هاتوچۆی ئەم کتێبخانەیە دەکەن و دوو ملیۆن و نیو کتێبی لێ بە ئەمانەت وەردەگیردرێ. جوانییەکانی ئەم کتێبخانەیەی زانکۆ بە وشە باس ناکرێ، بەڵام سەبارەت بە فراوانیی بەرهەمەکانی دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە درێژیی کۆی ڕەفەی بەرهەمەکانی ئەم کتێبخانەیە دەکاتە 81 کیلۆمەتر؛ 81 کیلۆمەتر کتێب! ئەمە جگە لە 34 هەزار گۆڤاری ئەلیکترۆنی و زیاتر لە نیو ملیۆن کتێبی ئەلیکترۆنی.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی کتێبخانەی زانکۆی هێلسینکی شێوەی دابینکردنی ڕۆشنایی سروشتیی ناو بیناکەیە. ئەمەیان ئیتر تایبەتمەندییەکی بیناسازیی فینلاندییە کە یادگاری (ئاڵوار ئاڵتۆ) یە. ئاڵتۆ یەکێک لە ئەندازیارە کلاسیکەکانی بیناسازیی هاوچەرخ، لەسەر ئاستی هەموو دنیایە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بیناسازیی ئاڵوار ئاڵتۆ کەڵکوەرگرتنی ئۆپتیمال لە ڕۆشنایی سروشتی بوو. هۆیەکەشی ڕوونە: فینلاند وڵاتێکە کە نزیکەی شەش مانگی ساڵ، کەمترین ڕۆشنایی دەبینێ، بۆیە قەدری ڕووناکی و ساتە ڕۆشنەکانی ساڵ باش دەزانن. لەوەش زیاتر، سەرسامیی فینلاندییەکان بە "ئاڵتوونی سەوز" واتە دارستانەکانیانە. لەخۆوە نییە تەنانەت لە هاوچەرخترین بینا مۆدێرنەکانی وەک کتێبخانەی گشتیی شاری هێلسینکی، وەک تەلاری مۆسیقا و تەنانەت بینای نوێی پەڕلەمانیشدا، زۆرترین کەڵک لە دار و تەختە وەردەگرن. دار بۆنی دارستانی لێ دێت!

بەڵام با واز لە کتێبخانەی زانکۆ بێنین و بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو کتێبخانە گشتییەی لە بۆنەی ساڵیادی سەربەخۆییدا کرایەوە. لەڕاستیدا سەرنجڕاکێشترین ڕەهەندی چیرۆکی بیناسازیی ئەم کتێبخانەیە ڕەهەندە دێموکراتیکەکەیەتی. لەنێوان ساڵی 2012 تا هاوینی 2013، شارەوانیی هێلسینکی جارڕی پێشبڕکێیەکی نێونەتەوەیی بیناسازی دا، بەناوی "خورپەی دڵی گەورەشار". 544 پڕۆژە لە ناوەوە و دەرەوەی فینلاند، بەشداریی ئەم پێشبڕکێیەیان کرد. شارەوانیی هێلسینکی لە پێشانگایەکی فراواندا پڕۆژەی تێکڕای بەربژێرە بەشداربووەکانی خستە بەر دیدەی هاووڵاتیان، ئەویش بۆ ماوەی چوار مانگ. هەموو کەسێ بۆی هەبوو پڕۆژە بەربژێرەکان ببینێ و دەنگی پێ بدات. دواجار لە نێوان ئەو پڕۆژانەدا کە هاووڵاتیان پەسەندیان کردبوو، لیژنەی داوەرە پسپۆڕەکان شەش بەربژێریان بۆ قۆناغی کۆتایی هەڵبژارد. لە قۆناغی کۆتاییشدا دیسان شەش بەربژێرەکە لە پێشانگایەکی نوێدا خرانە بەر دیدەی هاووڵاتیان تا لە ماوەی چەندین مانگدا، ڕای خۆیانی لەسەر بڵێن و دەنگیان پێ بدەن. دوو بەربژێر زۆرترین دەنگیان بۆخۆیان مسۆگەر کرد، یەکێکیان پڕۆژەیەکی بیانی بوو، یەکیان پڕۆژەیەکی خۆماڵی. لە نێوان ئەو دووەشدا بەربژێرە بیانییەکە زۆرترین دەنگی مسۆگەر کرد. دواجار دەستەی پسپۆڕی تەکنیکیی سەر بە شارەوانیی هێلسینکی، بڕیاری کۆتایی دا: ئەوان پلەی یەکەمیان بە بەربژێرە خۆماڵییەکە بەخشی! جگە لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی ئەم ئایدیا هەڵبژێردراوەی بیناسازی، باس لەوەش دەکرێ کە لیژنەی پسپۆڕیی شارەوانی، وای بەباش زانیوە ئەم دەرفەتە زێڕینە بە پڕۆژەیەکی خۆماڵی بدرێ، گریمان بەربژێرێکی بیانی زۆرترین دەنگیشی هێنابێ! چیرۆکی ئەم ساغبوونەوەیە لەسەر ئایدیای بینای کتێبخانەیەکی گشتی، ئاوێتەبوونێکی دڵڕفێنی دێموکراسی و مێریتۆکراسی، واتە گەلسالاری و شایستەسالاری دەهێنێتە بەرچاو.

هەڵبەت ئەوە ئیتر بووەتە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی فینلاندی کە دێموکراسی نەک هەر لە بنیاتەکاندا بەڵکو زۆرجار لە ئەندازیاریی بیناکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. بۆ وێنە بیست ساڵێک بەرلە ئێستا، حکومەتی فینلاند بڕیاری دا تەلارێکی دیکەش بۆ پەڕلەمانی فینلاند بنیات بنێت. جاڕی کێبڕکێیەکی ئەندازیاریی نێونەتەوەییان دا. لەم کێبڕکێیەشدا دیسان کۆمپانیایەکی بیناسازیی خۆماڵی بردییەوە. بینای زیادکراوی پەڕلەمانی فینلاند کە ئێستا بۆخۆی شاکارێکی بیناسازییە، زۆربەی زۆری لە دار و تەختە و بەردی خۆماڵی دروست کراوە. بینایەک، کە دیواری ئۆفیسی هەموو پەڕلەمانتارەکانی، ڕوو بە ناوشار، لە شووشە دروست کراوە، تا لەبەرچاوی خەڵک بن! هۆکارەکەشی بەفەرمی ڕاگەیەندرا: دەسەڵات لەسەردەمی کۆندا بە ڕەقی و نادیاریدا دەناسرایەوە (هەربۆیە بینای کۆنی پەڕلەمانی فینلاند لە بەردی ئەستوور و کۆڵەکەی ڕۆمی دروست کرابوو)، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا، دەسەڵات لە ڕوونی و شەفافبووندایە. دێموکراسیی ڕاستەقینە دەبێ هێماکانیشی شووشەبەند بن. ڕۆژگاری دێموکراسی، ڕۆژگاری شووشەبوونە نەک ئاوێنەشکاندن!

لەکۆتاییدا بۆ ئەوەی باسەکەمان نەبێتە باسی سیاسی (وەک تۆ بڵێی باسی کتێب و پەروەردە باسی سیاسی نەبێ!)، بەم چەند زانیارییە سەرەتاییە کۆتایی پێ دێنم: فینلاند بە پێنج ملیۆن و 500 هەزار حەشیمەتەوە تا ساڵی 2017، (جگە لە کتێبخانەی قوتابخانە و زانکۆ و ناوەندە حکوومییەکان) خاوەنی 853 کتێبخانەی گشتی بووە کە بریتین لە 282 کتێبخانەی ناوەندی، 437 کتێبخانەی ناوچەیی و 134 کتێبخانەی ناو پاس. پەنجا ملیۆن کەس لە ساڵدا هاتوچۆی ئەو کتێبخانانە دەکەن و 37 ملیۆن جاریش لەڕێی ئینتەرنێتەوە کەڵک لە خزمەتگوزارییەکان وەردەگیردرێ. کتێبخانەکان سەرجەم 35 ملیۆن بەرهەمیان تێدایە کە 30 میلۆنی کتێبە و، باقییەکەی سیدی و کتێبی دەنگی و گۆڤارە. کتێبخانەکان 1.6 ملیۆن ساعەت کراوە بوون. 1.9 ملیۆن فینلاندی کارتی کتێبخانەیان هەیە و 85 ملیۆن جار بەرهەمی کتێبخانە بە ئەمانەت وەرگیراوە کە سەرانەی هەر دانیشتووێکی فینلاند دەکاتە 15.6 بەرهەم. تەنیا لە ماوەی ساڵی پاردا 1.8 ملیۆن بەرهەمی نوێ بۆ کتێبخانەکان کڕدراوە (ئەمە جگە لە بازاڕی هەمیشە گەرمی کتێبکڕینی هاووڵاتیان خۆیان!) سەرجەم، ساڵانە 57 یورۆ سەرانەی هەر فینلاندییەکە بۆ بودجەی کتێبخانە گشتییەکانی وڵات.

دواجاریش دەمەوێ بڵێم؛ با ئەگەر ئێمە دەوڵەتمان پێ هەڵناچنرێ، هیچ نەبێ کۆڵەکەکانی بۆ بچەقێنین. کتێبخانە ئاوەدانەکان قایمترین کۆڵەکەن. کۆڵەکەی دەوڵەتی فەرهەنگ!

